# گەڵاڵەی پێشنیارکراوی سکرتێری گشتی بۆ گۆڕینی پێکهاتەی حیزبی دێموکرات

## "پێکهاتە و سیستمی فرە جەمسەر و هاوسەنگ"

### سەرەتا

ئەگەر ئاورێک لە جۆری حیزبە سیاسییەکان بدەینەوە، دەبینین لە مێژووی هاوچەرخدا حیزب و رێکخراوی سیاسیی جیاواز سەریان هەڵداوە و هەر یەک لەمانە بە شێوەیەک لە کۆمەڵگادا دەرکەوتوون. هۆی سەرەکیی جۆرایەتی و فۆرمی هەرکام لە حیزبەکانیش هەڵقوڵاوی ژینگە و بەستێنە کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی، ئابووری و قۆناخە زەمەنییەکانی ئەو شوێنەن کە حیزبی سیاسی لێیانەوە سەری هەڵداوە و هەوڵ دەدا رێکیان بخاتەوە.

ئەم قاعیدەیە دەربڕی ئەم راستییەیە کە بە گۆڕان لە هەر یەک لەو بەستێنانەدا، حیزبی سیاسیش بەمەبەستی بەردەوامیدان بە خەباتەکەی، گۆڕان بەسەر پێکهاتە و سیستمی بەڕێوەبەری و رێکخستنەکەیدا دێنێت و گۆڕان لە حیزبی سیاسیدا بەرەو نێو کۆمەڵگاش شۆڕ دەبێتەوە و کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە.

بە هاتنە کایەی سەردەمی بە جیهانیبوون، ئیتر زۆر ئەستەمە کە ئاستی باندۆری ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر حیزبەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە حیزبی سیاسی رووبەرووی جیهانێک بووتەوە کە لەوێدا کۆمەڵگا و تاکەکان لە دونیایەکدا دەژین کە هەموو بوارەکانی ژیان بەجۆرێک ئاوێتەی یەک بوون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. هەر بۆیە پارتی سیاسی لە وەها بارودۆخێکدا بەرەورووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە چۆن دەبێتە فۆرم و مانیفێست و، پێکهاتەی خۆی چۆن رێکدەخات کە وڵامدەری پێویستییەکانی سەردەم بێت؟

حیزبی دێموکرات بە هەڵبژاردنی گوتاری ڕۆژهەڵاتی نوێ و گرێدانی خەباتی شار و شاخ هەستی بەوە کردووە کە دەبێ بە شێوازی دیکە و بیرکردنەوەیەکیتر بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو هەڵبگرێتەوە. واتا، حیزبی دێموکرات دەرکی بەم راستییەی کردووە کە لە جیهانێکی جیاوازدا، دەبێ ئاراستەی خەباتی داهاتووی و، ڕەوتی گۆڕان لە نێوخۆیدا بەرەو ڕاستییەکانی سەردەم و گەیشتنی خێراتری بە کۆمەڵگا و تاکەکان و هەوڵ بۆ گۆڕینی واقیعەکان بباتە پێش.

لێرەدا پێویستە حیزبی دێموکرات ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە کامە پێکهاتە یان فۆرم دەتوانێ لەگەڵ گوتار و ئێستای خەباتیدا یەکانگیر بێت؟ لەم سونگەوەیە کە بیر کردنەوە لە ساختاری حیزب وەک زەروورەت و پێویستییەک وایە و، دەبێ حیزبی دێموکرات لە دەلاقەی ئەم زەرووڕەتەوە ئاوڕ لە فۆرم و پێکهاتەی خۆی بداتەوە. سیستمێکی نوێی ئەوتۆ کە هەڵگری رێکاری سەردەمییانە، رۆڵی بزوێنەرانە، رێکخەری تواناکانی جەماوەر و ئەندامەکانی حیزب بێ لەپێناو خەباتی جەماوەریی شار بە پاڵپشتی هێزی شاخ .



info@kurdistanmedia.com

## حیزبی دێموکرات و فۆرم و پێکهاتەکەی

لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە تاکو ئەمڕۆ، بەردەوام گۆڕان بە سەر گوتار و ڕوانینی سیاسیی حیزبدا هاتووە، بەڵام ڕادەی گۆڕان بە سەر فۆرم و پێکهاتەی ئەم حیزبەدا زۆر لاواز بووە. تەنیا لە سەردەمێکدا نەبێ کە دوای کۆنگرە دووهەمی حیزب و لە دەیەی پەنجای هەتاویدا کە دوکتور قاسملو باس لە پێویستیی بوونی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەکا و فۆرم و پێکهاتەیک بە حیزبی دێموکرات دەبەخشی کە بۆ ئەو سەردەمە شۆڕشێک لە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستاندا بوو. لەو ئەزموونە بەنرخە زیاتر، گۆڕانێکی ئەوتۆ لە پێکهاتەی حیزبی دێموکراتدا نابینین. دیارە کەمیی تەمەنی کۆمار، کەمیی تەمەنی شۆڕشی ٤٦-٤٧ و یەکانگیری فۆرمی حیزب لە سەردەمی پێش و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و کاریگەریی و ئاسەواری سێ جار دابرانەکانی نێو ڕێکخستنی حیزب وایکرد کە کەمتر گۆڕینی فۆرم و پێکهاتەی حیزبی دێموکرات دەرەتانی پێ بدرێ. بۆیە ئەوەی ساڵانێکە وەک پێکهاتەی حیزبی دێموکرات لە بەردەستدایە، لە سەردەمانێکەوە جێگیر بووە کە هەرچەند بۆ کاتی خۆی فۆرمێکی سەردەمیانە و کردارێکی شۆڕشگێڕانە بوو، بەڵام ئیتر ناتوانێ بۆ قۆناخی ئێستا وڵامدەر بێ و ڕۆڵی بزوێنەری حیزب لە نێو کۆمەڵگادا ساز بکات. هەر بۆیە، لە ساڵانی ڕابردووشدا زۆرێک لە زەروورەتەکانی گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی حیزب خراونەتە بەر باس و بەتایبەت لە کۆنگرەکانی چواردە و پازدەشدا بەجۆرێک ئاماژە و پێداگریی لەسەری کراوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر لەو هۆکار و توخمە سەرەکییانە هاتوونە ئاراوە کە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا بکەن کە حیزبی دێموکرات پێویستی بە گۆڕانی بنەڕەتی لە فۆرم و پێکهاتەیدا هەیە.

## بۆ دەبێ ئەم پێکهاتەیە بگۆڕێت؟

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوری و ئابووری، ئەو بەستێنە سەرەکییانەن کە وا دەکات ڕێکخراوی سیاسی لە پانتایی جوگرافیای خەباتیدا ناچار بە ڕێککەوتن یان خۆ ڕێکخستن لەگەڵیدا بکات. ئەم ژینگەیە دەتوانێ وەک گوشارێک دەربکەوێ و دەتوانێ وەک ئیدارەکردنیش خۆی بنوێنێ. گوشار ئەو کاتەیە کە ڕێکخراو نەیهەوێ خۆی بگۆڕێت و لە دواجاردا ناچار تووشی کێشەی دەکات یان هاوسەنگی ڕێکخراوەکە تێک دەدا. کاتێک گۆڕین لە ڕووی ناچارییەوە بێ، لەو کاتەدا ئەگەری ئەوەی ڕێکخراو بتوانێ لەگەڵ گۆڕینە نوێیەکەدا خۆی ڕێکبخات ئەستەم دەبێ یان تووشی کێشە و تێچووی زۆر دەبێتەوە .

لەلایەکیترەوە کاتێک گۆڕینی پێکهاتەی حیزب لە ڕووی ئیدارەکردنەوە بێ، مانای ئەوە دەدات کە ڕێکخراو هەموو کێشەکان و ڕاستییەکانی دەرووبەری خۆی دەبینێ و لە ئەنجامدا دەیهەوێ خۆی لەگەڵیان ڕێکبخات و لەو ڕێگەوە دەتوانێ ئیدارەی جۆری گۆڕینی خۆی بکات. لە وەها حاڵەتێکدا ئەم گۆڕینە، پرۆسەیەکی زۆر ئاساییە و ڕێکخراوی سیاسی بە تێگەیشتن ولێکدانەوەی دروستی بابەتە پێوەندیدارەکانی سەردەمی خەباتی، دەزانێ لەپێناو ئامانجەکانیدا، پێویستە چۆن و بەرەو کوێ بڕوات.

کاتێک حیزبی سیاسی تێگەیشتنی واقعبینانەی لە ژینگەی سیاسی، کلتوری، ئابوری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێ، هەوڵدەدا لە خۆگونجاندن لەگەڵ راستییەکان بە زووترین کات ئەم گۆڕانە بۆ داهاتووی خۆی بکاتە سەرمایە و، لەم رێگایەوە تواناکانی خۆی پێ بەرێتە سەرێ. لەلایەکیترەوە کاتێک حیزبی سیاسی بڕیاری گۆڕینی فۆرم و پێکهاتەی خۆی دەدات کە خاوەن گوتار و مانیفێستێکی دیاریکراوی خۆی بێ و لە بواری جۆری بیرکردنەوەوە هەڵگری بنەمایەکی هزری و ستراتژییەک بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

### هەلومەرجی حیزبی دێموکرات

وەک دەزانین پێویستییەکانی گۆڕینی پێکهاتەی حیزبی دێموکرات ساڵانێکە سەریان هەڵداوە. بەڵام گۆڕینی پێکهاتەی حیزب لەو کاتەدا گەیشتە لووتکە کە حیزبی دێموکرات دوای دوو دەیە بڕیاری دا ئیتر لەمەو بەدوا، بوون و خەباتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەکی نوێ و بەرین پەرە پێبدات و هاوتەریب لەگەڵ بارودۆخی سیاسی نێو خۆ و گۆڕانکارییەکانی ناوچە، بتوانێ تواناکانی خۆی لە قۆناخی جێگرتووی پێشووەوە، بەرەو قووڵایی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بگوازێتەوە و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بکاتە مێژوویەکی نوێ بۆ خەباتی ئەم قۆناخەی جووڵانەوەکەمان لەپێناو رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا.

پێویستییەکانی ئەم گۆڕینە لە ئێستادا زۆر ئاسایی و گونجاوترن، چونکە گوتاری نەتەوەیی- دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات دیارە و ستراتژییەکەشی بۆ پیادەکردنی ئەم گوتارە دیار و لە ئارادایە. بۆیە بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بتوانێ هەلومەرجە نوێیەکە بەڕێوەبەرێت، پێویستیی بە گۆڕینی پێکهاتە و سیسیتمی ڕێکخراوەیی خۆیەتی تاکو لەم ڕێگەیەوە پێکهاتەی نوێی حیزب لەگەڵ گوتار و ستراتیژییەکەی ڕێکبخات و بەم گۆڕینەی، هەلومەرجێک بەرەوپێش دەبات کە پێیوایە ساختاری پێشووی ناتوانێ وڵامدەری بێت.

### کێشەکان لە کوێدان؟

- بەناوەند بوونی بڕیار و بەڕێوەبەری و لێپرسینەوە
- پێکهاتە و سیستمی هێرەمیی بەڕێوەبەری حیزب
- لاوازبوونی کاریگەریی قاعیدەی ئەندامان لەسەر ڕێبەریی سیستم
- نەبوونی پێناسە و دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکان
- نەبوونی مکانیزمی پاداش و سزا لە چالاکبوون
- کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەسەر گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییدا
- ناتەبایی لەگەڵ گوتار و ستراتیژیی گرێدانی خەباتی شار و شاخ
- لاوازیی حیزب لە ڕاکێشان و بەشدارییپێکردنی زیاتری ژنان و کۆمەڵانی خەڵک و نەوەی نوێ


info@kurdistanmedia.com

- لاوازیی پەروەردەی سیستماتیک و کاریگەر
- لە ئاستی پێویستدا نەبوونی کاریگەریی دانان و بزوێنەری حیزب لە نێو کۆمەڵگا و تێکۆشانی ڕۆژهەڵاتدا

بەم شێوەیە کەموکورتیی بەرچاوی ئۆرگان و دامەزراوەکانی حیزبی بۆ هەموومان روون و ناسراون و ڕۆژانە هەرکام لە ئێمە ( ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکان، پێشمەرگە و ئەندامان لە نێو خۆ و دەرەوە) لەگەڵیان بەرەورروو دەبینەوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، گۆڕینی ئاییننامەکان و بەرپرسانی حیزبی، گرتنی سیمینارەکان و سزا و لێپرسینەوە حیزبییەکان کەمترین شوێندانەرییان هەبووە، بۆیە هەموومان لە کارەکان ناڕازین و رخنە دەگرین، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی راستەقینە نابینرێ.

لەم بوارەدا، هۆکاری جیاواز دەکرێ هەبێ. بەڵام ئەگەر بە وردی و تێگەیشتنێکی واقعبینانە و بێ لایەنانەوە ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین، دەبینین ساختاری حیزب، سەرچاوەی سەرەکی ئەو کەمایەسییانەیە. بەو مانایە کە ئەم ساختارە ناتەبایە لەگەڵ کۆی ئەو گۆڕانەی کە لە پانتایی کۆمەڵگادا هاتووەتە ئاراوە، هەر وەها دەربری ئەو چاوەڕوانییەش نییە کە ئەندامانی حیزب لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە. وەک ئاماژە، دەتوانین باس لە هێندێ نموونەی لەو کێشانە بکەین کە بەروونی بەرچاو دەکەون.

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چۆن هەڵدەبژێردرا؟**

پێکهاتەی جێگرتووی حیزب لە سەر بنەمای سانترالیزمی دێموکراتیک دامەزراوە و تێیدا دیاریکردنی بەڕێوەبەریی ڕێکخستنی حیزبی بە پێی سیستمی پاڵاوتنی پلە بە پلە و کۆکردنەوەی سەڵاحیەتی هەمەلایەنە لە دەستی ئۆرگانی ناوەندی بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی دایە.

بەپێی پێڕەوی ناوخۆی حیزب هەرکەس سێ ساڵ ئەندامی حیزب بووبێ، مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ( ئەگەر لە کۆنگرە دەنگی پێ بدرێ). مەرجی بەشداری لە کۆنگرەدا هەڵبژاردنە لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە. لەو کۆنفرانسانەدا ڕێگەی خۆشەویستی و ناخۆشەویستی وەک پێوانە بۆ دەنگ دان و دەنگ هێنانەوە کراوەیە. کەسانێک کە بیانهەوێ دەتوانن لەو ڕێگایانەوە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن. لەم شێوە دەنگدانەدا کۆمەڵێک گرفت ساز دەبێ کە دواجار لە کاری حیزبیدا رەنگ دەداتەوە.

ئەو شێوە هەڵبژاردنە وەک خۆی دەتوانێ لە کۆنگرەشدا دووپات ببێتەوە. ئەگەر کەسێک بە پێوەری رق و حەز لە کۆنگرە دەنگی پێ بدرێ و ببێتە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب؛ ئەگەر لە بیری ئەوەدا بێ لە کۆنگرەی داهاتووشدا دەنگ بێنێتەوە، لە ماوەی بەرپرسایەتییەکەیدا لە جیاتی ئەوەی بکەوێتە رکابەرییەکی سالم بۆ تواناسازی و بەهێزکردنی خۆی و  باشتر راپەراندنی ئەرکە حیزبیەکانی و، لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا کۆی حیزب چالاک بکات،


info@kurdistanmedia.com

بەپێچەوانەوە لاوازیی هەست بە بەرپرسایەتی کردنی، وادەکات کە زیاتر بە پرس و بابەتی لاوەکی و پەراوێزەوە خەریک بێ تاکو بوارە ستراتژییەکان.

کێشەیەکی دیکەی وەها ساختارێک ئەوەیە کە کۆمیتەی ناوەندییەک کە بەم شێوە هەڵبژێردراوە، دوایەش هەر خۆی بڕیاردەرە و هەر خۆیشی جێبەجێکارە و هەمیش بۆ خۆی لێکۆڵینەوە لە خۆی دەکات و بۆ کۆنگرەی داهاتووش دەبینین هەر ئەم کۆمیتەی ناوەندییە بەرپرسایەتیی دیاریکردنی یاسا و ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی حیزبی لە ئەستۆیە و بەڕێوەی دەبات.

بێجگە لە هەمووی ئەوانە، شێوەی دەنگدان و دەنگ وەرگرتن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ خۆی جێگای تێڕامانە و، دەبینین نوێنەرانی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە سەر نوێنەرانی کۆنگرە لە کوردستان نییە دەنگیان پێدەدەن و پێچەوانەکەشی هەر بەم شێوەیەیە. بەم چەشنە، دەبینین کە کەمایەسییەکان لەسەرەتاکانی دوای کۆنگرەوە دەست پێ دەکەن و تا کۆنگرەی دوایی بەردەوام دەبێ و ئەو زنجیرە هەر خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

هەر بۆیە، پێویستە بۆ چارەسەری ئەم کێشە گەورەیە، سیستەمی ئێستای حیزب بگۆڕدرێ بە سیستەمێک کە لەوێدا، هەوڵدان بۆ خۆپێگەیاندن و پەروەردەکردن و ڕاهێنانی زیاتر، کار و تێکۆشان و ئیبتکار بۆ گەیشتن بە بەرپرسایەتی و پێکهێنانی پێشبڕکێی ئەرێنی و بارهاتن بە رووحێکی نەتەوەیی و کەسایەتیەکی دێموکراتی شایی بەخۆ، جێگای؛ ناوچەگەریی، دەستەبەندی و ناچالاکی هزری و فیزیکی بگرێتەوە و، لە ئاکامدا هەرکەس لە پرۆسەیەکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی حیزبدا گەشە بکا و بە قەدەر ماندووبوونی، ئەرکی لە حیزبدا دیار بێ.

ئێمە ئەو سیستەمە بە ناوی "**سیستمی فرە جەمسەر و هاوسەنگ** "ناو دەبەین، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

## سیستمی فرە جەمسەر و هاوسەنگی پێکهاتەی حیزبی

بنەما و پێوەری سەرەکی ئەم پێکهاتە نوێیەی حیزب خۆی لە دێموکراتیزە کردن ، دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕێکخستنی گشتی حیزبدا دەبینێتەوە کە لە چەند ئۆرگانی هاوسەنگ پێک دێن. هەندێک لە ناوەندە بەڕێوەبەرییەکان کە رۆڵی دیاریکەری سیاسی و ستراتیژیکیان هەیە، بە شێوەی هەڵبژاردن دادەمەزرێن. هەندێک لە دەسەڵات و بەڕێوەبەرییەکانی دیکەش( پێشمەرگانە و راوێژکاری و...، تایبەتمەندن بە بنەمای پسپۆری و روانگەی داهاتوو بینیەوە، هەروەها پێویستییان بە گیان و خوێنێکی نوێ هەیە)، لە چوارچێوەی یاسا پەسند کراوەکاندا دەستنیشان دەکرێن و بەم چەشنە ئەم دوو بژاردەیە تەواوکەری یەکتر دەبن.



info@kurdistanmedia.com

**کۆنگرەی حیزب**

ـ کۆنگرەی حیزب لە سەر بنەمای ئەساسنامە هەر چوار ساڵ جارێک دەبەسترێ و وەک بەرزترین ئۆرگانی دیاریکەری ستراتیژی و سیاسەتە گشتییەکان، بەرنامە و پێڕەوی حیزب پەسند دەکا و ڕێبەرایەتیی نوێ و ئۆرگانە پێویستەکان هەڵدەبژێرێ.

کۆنگرەی حیزب لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئۆرگانە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکانی حیزب، لە نوێنەرانی کۆمیتەی و ئەندامانی حیزب لە دەرەوی وڵات و لە کوردستان پێکدێ. دەزگای بەدواداچوون-چاودێری و هەڵبژاردن لە سەر بنەمای پێوەرە پەسندکراوەکان ئەو هەڵبژاردنانە بەڕێوە دەبا.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:**

-کۆنگرە ستراتیژی و سیاسەتە گشتیەکان و بەرنامە و پێڕەوی حیزب پەسند دەکا.

ـ کۆنگرە ژمارەی پێویستی ئەندامانی ناوەندی سیاسی پەسند دەکا و  هەڵیان دەبژێرێ.

ـ کۆنگرە **لێپرسراوی گشتیی** حیزب کە بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەرییە، هەڵدەبژێرێ.

-کۆنگرە لەسەر پێشنیاری لێپرسراوی گشتی، جێگری لێپرسراوی حیزب هەڵدەبژێرێ کە هاوکات دەبێتە ڕێکخەری ناوەندی سیاسی.

ـ کۆنگرە بەمەبەستی پاراستنی بێخەوشیی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و چاوەدێریکردنی بورای دارایی و بەدواداچوونی ئەرکەکانی حیزب، سێ کەس بۆ دەزگای "بەدواداچوون-چاودێری و هەڵبژاردن" هەڵدەبژێرێ کە دواتر وێرای شەش کەسی دیکە، ٣+٣ لە نوێنەرانی ناوەندی سیاسی و دەستەی بەڕێوەبەری، کە سەرجەم دەبنە نۆ(٩) کەس، بەرپرسایەتی هەموو هەڵبژاردنەکانی حیزبی و چاودێری و بەدواداچوونەکانیان لە ئەستۆیە و یەکێکیان دەبێتە بەرپرسی ئەو دەزگایە و نابێ هیچ یەک لەو نۆ کەسە ئەندامی ناوەندی سیاسی یان دەستەی بەڕێوەبەری بن.

**ناوەندی سیاسی**

ئەم دەزگایە وەک ناوەندی سیاسی و یاسا دانەری حیزب ، ئۆرگانی دارێژەری سیاسەتە گشتییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیار و ستراتیژی و بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەدایە . کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی بە بەشداریی $\frac{2}{3}$ ی ئەندامەکانی ڕەوایی پەیدا دەکا و بڕیارەکانی بە دەنگی زۆرینەی "نیوە کۆ یەکی بەشداران پەسند دەبن.



info@kurdistanmedia.com

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی ناوەندی سیاسی:**

– هێڵە سیاسییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆنگرەدا دادەڕێژێ و پەسند دەکات.

– یاسا و ڕێساکانی ئۆرگانە کارگێرییەکانی حیزبی پەسند دەکا.

– دەسەڵاتی دامەزراندن یان هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانە حیزبییەکانی لە ڕێگەی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکان و بە پێشنیاری دەستەی بەڕێوەبەری دەبێت.

– پێداچوونەوە بەسەر بەڕێوە چوونی ئاییننامەکانی دەستەی بەڕێوەبەری و دەزگای بەدواداچوون، چاودێری و هەڵبژاردن و **لێپرسراوی گشتی** دەکا تاکوو لە چوارچێوەی بەرنامە و پێڕەوی حیزب دەر نەچن.

– بەرپرسی پەسەندکردنی پێوەندی وپێکهێنانی هاوپەیمانی، یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندیی لەگەل حیزب ولایەنە سیاسییەکانە.

– ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی و راوێژکارانی **لێپرسراوی گشتی** پەسەند دەکات.

– لێپرسینەوە و چاوەدێری بە سەر کاری لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری

**تێبینی:**

1–ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەری بە پێویست بزانێ کە ئۆرگانێکی حیزبی نوێ دامەرزێنێ یان ئەوەی کە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵبوەشێنێتەوە دەبێ ئەو بابەتە لە لایان ناوەندی سیاسیەوە پەسەند بکرێت.

2– لە حاڵەتی پێویستدا کە لێپرسراوی حیزب توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نەبوو، ناوەندی سیاسی دەتوانێ بە دەنگی $\frac{2}{3}$ ی ئەندامانی متمانە لە لێپرسراو وەرگرێ و بڕیاری لابردنی بدات.

3– لە ئەگەری ڕووداوی نەخوازراودا کە لێپرسراو لە ژیاندا نەما، یان لە کاتی ستاندنی متمانە لە لێپرسراو، تا بەستنی کۆنگرە لە ماوەی ساڵێکدا، جێگری یەکەمی لێپرسراو ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ دەکات.

4– لە حاڵەتی ئەوەی کە جێگری لێپرسراویش وڵامدەری ئەرکەکانی نەبێ، لە سەر پێشنیاری دەستەی بەڕێوەبەری، یان دەزگای بەدواداچوون– چاودێری و هەڵبژاردن، بە پەسندی $\frac{2}{3}$ ی ناوەندی سیاسی، متمانەی لێ وەردەگیرێت و کەسێکی دیکە لە دەستەی بەڕێوەبەری، بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ناوەندی سیاسی، بە وەکالەت هەڵدەبژێردرێت و تا کۆنگرەی نائاسایی کە لە ماوەی ساڵێکدا دەبەسترێ بەرپرسایەتییەکانی لێپرسراوی گشتی بەئەستۆ دەگرێت.



info@kurdistanmedia.com

**دەستەی بەڕێوەبەری**

لێپرسراوی حیزب کە لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێ بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەرییە و کارە بەڕێوەبەریەکانی ئۆرگانەکانی حیزب لەم ناوەندەدا بەڕیوە دەبردرێن کە ئەرک و دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

- دەستەی بەڕێوەبەری لە بەرپرسانی ئۆرگانە کارگێرییە سەرەکییەکان، راوێژکاران و وتەبێژی حیزب پێک دێت.

- بڕیارەکانی ناوەندی سیاسی و ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ دەکات.

- بەرامبەر بە ناوەندی سیاسی وەڵامدەرە و راپۆرتی کاری خۆی پێدەدات.

- پێشنیاری ئۆرگانەکان بۆ دیاریکردنی هاوکارەکانیان پەسند دەکات.

- دەستەی بەڕێوەبەری بە شێوەی رێکوپێک کۆبوونەوە دەگرێ و بە جەمعی بڕیار دەدا.

**تێبینی:**

- ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەری بە پێویست بزانێ کە ئورگانێکی نوێ بۆ حیزب دامەزرێنێ، یان یەکێک لە ئورگانەکانی حیزب هەڵوەشێنێ، دەبێ ئەو بڕیارە لە لایەن ناوەندی سیاسیەوە پەسەند بکرێت.

- هەر بەرپرسێکی پێشنیارکراوی لێپرسراوی گشتیی حیزب بۆ دەستەی بەڕێوەبەری، بە پێی پێوەر و رێوشوێنە دیارەکان دەبێ و گەر ئەو کەسە لە دەوری پێشنیارکردنی یەکەمدا دەنگی پێویست نەهێنێتەوە و لێپرسراو دووبارە کاندیدی بکاتەوە، تەنیا بۆ دەوری دووهەم دەکرێ پێشنیاری بکاتەوە و لە ئەگەری رەتکردنەوەی دووبارەیدا، لێپرسراو دەبێ لە ماوەی مانگێک دا کەسێکی دیکە بۆ ئەو کارە پێشنیار بکات.

**نووسینگەی کارگێڕی**

بەرپرسی **نووسینگەی کارگێڕی** یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریە کە بە پێشنیاری لێپرسراوی حیزب و پەسندی ناوەندی سیاسی دیاری دەکرێت و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

- ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی لێپرسراوی گشتیی.

- رێکخستنی جێگاو رێوشوێنی پێویست بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەری.

- راگەیاندنی بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەری بە ئۆرگانەکان.

- ڕاگرتن و پاراستنی بەڵگەکان و ئارشیوی دەستەی بەڕێوەبەری.



info@kurdistanmedia.com

- پێشوازی و پێڕاگەیشتن بە میوانەکانی دەستەی بەڕێوەبەری.

- ڕێکخستنی چاوپێکەوتن، دانیشتن و ڕاسپێراوە حیزبییەکانی لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری و ئەنجومەنی ڕێبەری.

- بە ڕاوێژ لەگەڵ لێپرسراوی گشتیی، شاندەکانی نوێنەرایەتی حیزب بۆ دانیشتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان وکۆڕ و کوبوونەوە گشتییەکان دیاری دەکات.

## لێپرسراوی گشتی و ئەرک و دەسەڵاتەکانی

- لێپرسراوی گشتی، بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبە و لە چوارچێوەی ستراتیژیی حیزب و پەسندکراوەکانی کۆنگرە، گەڵاڵەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بۆ پەسندکردن، پێشکەش بە ناوەندی سیاسی دەکات و لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی بەشدار دەبێ.

- چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرە دەکات.

- هەماهەنگی و تەبایی لە نێوان بەشە سەرەکییەکانی حیزب پێکدێنێت.

- دەربڕی ڕاوبۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبە.

- بەرێوەبردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەری لەئەستۆیە.

- پارێزەری یەکێتیی ڕیزەکانی حیزبە.

- وێڕای لیژنەیەکی سێ کەسی کە جێگری لێپرسراویش ئەندامی دەبێ، بەرپرسی دارایی و چالاکییە ئابورییەکانی حیزبە.

- فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە. ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بە پێشنیاری دەستەی بەڕێوەبەری و پەسندی ناوەندی سیاسی دەبێ و لە چوارچێوەی ئاییننامەی تایبەت بە کاری پێشمەرگانە، هێزی پێشمەرگە ڕێکدەخرێت و خاوەن ناو و هێما و تایبەتمەندی خۆی دەبێت.

ـ لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی بەشداری دەکا.

تێبینی:

- لێپرسراوی گشتی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری و راوێژکارانی دیاری دەکا و بۆ پەسندکردنیان بە ناوەندی سیاسی دەناسێنێت.



info@kurdistanmedia.com

**جێگری لێپرسراو**

– جێگری لێپرسراو ڕێکخەری ناوەندی سیاسی دەبێ کە لە سەر پێشنیاری لێپرسراوی گشتی، لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێدرێت.

– جێگری لێپرسراو لە نەبوونی لێپرسراودا ئەرکەکانی ئەو ڕادەپەڕێنێت.

– کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی ڕێک دەخات.

– جێگری لێپرسراو لە کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەریدا بەشدار دەبێت.

**دەزگای بەدواداچون، چاودێری و هەڵبژاردن**

–دەزگایەکی هاوتەریبی ناوەندی سیاسی و لێپرسراوی حیزبە کە سێ کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و یەکیان وەک بەرپرسی ئەم دەزگایە دەبێت و شەش کەسی دیکەش ٣+٣ کە دواتر لە لایەن هەرکام لە ناوەندی سیاسی و دەستەی بەڕێوەبەرییەوە دیاری و پەسند دەکرێن. کۆی ئەم نۆ کەسە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا پەسندکراوەکاندا، ئەرکی بەدواداچوون و چاودێری کردنی کارە ئیداری، دارایی، یاساییەکان و هەڵبژاردنەکانی حیزب، لە هەموو ئۆرگانە سیاسی، ڕێکخستنی، بەڕێوەبەریی و دارایی، بە پێی ئاییننامەی پەسندکراو لە ئەستۆیە.

– ئەم دەزگایە هەڵبژاردنەکانی حیزب لە هەموو ئاستەکاندا، لە سەر بنەمای ڕێسا و یاسا پەسندکراوەکان، بەڕێوە دەبات.

– ئەو یاسا و ئاییننامانەی کە دەزگای بەدواداچوون، چاودێری و هەڵبژاردن کاریان پێدەکا، لە چوارچێوەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و لە ناوەندی سیاسیدا پەسند دەکرێن.

– هەر بەرپرسێکی حیزبی کە لەلایەن دەزگای بەدواداچون، چاودێری و هەڵبژاردن تاوانی وەک گەندەڵی بەسەردا ساخ بێتەوە، مافی خۆ هەڵبژاردنی بۆ هیچ پۆستێکی حیزبیی نابێ و مافی بوون بە بەرپرسی هیچ ئۆرگانێکی کارگێڕیی نامێنێ.

–ئەو کەسە مافی سکاڵاکردنی لە ناوەندی سیاسی و کۆنگرەی حیزب هەیە.



info@kurdistanmedia.com

– دەزگا ڕاپۆرتی خۆی بە  دەستەی بەڕێوەبەری، ناوەندی سیاسی و کۆنگرەی حیزب دەداتەوە.

– ڕێسا و مەرجەکانی خۆپالاوتن، دەنگ وەرگرتن و دەنگ هێنانەوە، بە پێی یاسای ئەساسنامە و پەسندکراوی کۆنگرە و ناوەندی سیاسی ڕێکدەخرێن.

– هەڵبژاردن لە کۆمیتەکانی حیزبیدا بە پێی ئاییننامەی پێوەندیدار تەنیا بۆ بەرپرسی کۆمیتە دەکرێ و بەرپرسی هەڵبژێردراو بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کارەکانی، لە چوارچێوەی یاسای پێوەندیدار، دەتوانێ چەند کەس وەک هاوکاران و بەرپرسانی بەشەکانی کۆمیتە بۆ هەرکام لە ئەرکەکان دەست نیشان بکات و بۆ پەسند کردن بە ئۆرگانی سەرەوەتر کە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری ڕێکخستنی حیزب و دەستەی بەڕێوەبەری، دەناسێنێ.

**تێبینی :**

–دەزگا بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی بەشداریی ژنان لە ڕێکخستن و چالاکی حیزبی، لە چوارچێوەی یاسای پەسندکراوی ناوەندی سیاسیدا، مکانیزمێک پەیرەو دەکا کە لە هەڵبژاردنەکاندا و هەروەها بۆ دیاریکردنی هاوکارانی بەرپرسانی کۆمیتەکان، بە ڕێژەی ژمارەی ئەندامانی ژن لەو شوێنانەدا، پشکیان بۆ دیاری بکات.

–ئاییننامەی کاری و هەروەها شێوازی لێپرسینەوە و سیستەمی دیاریکردنی سزا و هاندان، لە سەلاحیەتی ناوەندی سیاسی، دەزگای چاوەدێری –بەدواداچوون و هەڵبژاردن و دەستەی بەڕێوەبەریدا دەبن کە بە پێی یاسای پەسندکراوی ناونەدی سیاسی ڕێک دەخرێن.

– لە هەلومەرجی تایبەتدا و لە سکالایەکی گرنگدا کە ناوەندی سیاسی بە پێویستی بزانێ، لیژنەیەکی سێ کەسی هاوبەش لە نوێنەرانی : ناوەندی سیاسی، دەستەی بەڕێوەبەری و دەزگای بەدوادچوون – هەڵبژاردن، بۆ لێپرسینەوە لەو بابەت و سکالا دیاریکراوە پێک دێ و بریاری کۆتایی بەو لیژنەیە دەبێ.

**لەو سیستەمەدا:**

بەشەکانی خوارەوە گرنگترین بەشی کاری حیزبی دەبن:

1. پەروەردە: ( پەروەردەی سەرەتایی، ناوەندی، پێش کۆتای و کۆتایی) بەرێوە دەبات

2. ڕێکخستن لە سێ لقی ناوخۆ، باشووری کوردستان و دەرەوە پێکدێت

3. ڕاگەیاندن (تیڤی، بلاوکراوەکان، تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، جەنگی سایبێری، نەرم و ڕەوانی)

4. پێوەندییەکان: (بیانی، کوردستانی و ئێرانی) لە یەک ناوەند دا بەڕێوەدەبرێت.

5– دارایی: (هەرێمی کوردستان، ئەورووپا و ناوخۆ) لە یەک ناوەند دا بەڕێوەدەبرێن.



info@kurdistanmedia.com

6- پێشمەرگە: (پیشمەرگەی شاخ، ناوەند و هەرێمەکان لە یەک رێکخستندا ڕێکدەخرێن، بەشی پێشمەرگە لەلایەن ئەنجومەنی فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگەوە بەڕێوە دەچێ و خاوەن فەرماندەیی و ئاییننامەیەکی تایبەت دەبێ، ڕێکخستن و فەرماندەیی هەموو پێشمەرگەی لە ئەستۆیە و پابەندی بڕیارە سیاسییەکانی ناوەندی سیاسی و دەستەی بەڕێوەبەری یە).

7- ئاسایش (کۆکردنەوەی زانیاری، پاراستنی ناوخۆی حیزب، بەرپەرچدانی پیلانەکانی دەزگا سیخورییەکانی دوژمن لە ناوخۆ و دەرەوە) لە ئەستۆیە.

ـ لە هەموو ئەو بەشانەدا بەرنامە دادەرێژرێ بۆ ئەوەی هەر کەسێک ئەرک، بەرپرسیاریەتی و بیلان و راپۆرتی کاری دیاریکراوی هەبێت.

-لە هەموو ئەو بەشانەدا زۆرترین قورسایی لە بەشی پەروەردە دەبێ. واتا بەشێک کە دەبێتە بناغەیەک کە لەوێوە بتوانرێ بونیادی کلتورێکی نوێی سیاسی و رێکخستنی لە حیزبدا ساز بکات. بۆیە پەروەردە لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دەبێتە جێگای بایەخ  و گرینگی پێدان.

**لە کۆتایدا یەک ڕاسپاردە یان پێشنیار هەیە.**

- لەسەر بنەمای خەسارناسی و پێداچوونەوە بە لاوازی ڕۆڵی ژنان لە چالاکی و رێکخستەکانی حیزبدا و، بە مەبەستی چارەسەری ئەم بۆشاییە، مکانیزمێک دەستنیشان بکرێت کە لە هەنگاوی یەکەمدا راوێژکاری تایبەت بە بەهێزکردنی چالاکی و ڕێکخستنی ژنان، وەک هاوکاری دەستەی بەڕێوەبەری دەستنیشان بکرێت و ئەم کارە وەک بابەتێکی گرینگ و سەرەکی لەبەر چاو بگیردرێت.



info@kurdistanmedia.com